# له یادی هونەرمەند ئەحمەد شەماڵ



نووسيني: سەردار عەبدوڵڵا

**له یادی ئەو مرۆڤانەی کە بە سادەیی دێنە ژیان و هەر بە سادەیی خۆشیان ماڵئاوایی لێدەکەن.**



گەر ئاورێك لەو مێژووە نووسراوەي كە تاكو ئيستا له سەر كۆمەڵگەي كوردي لە بەگەگان, زيادترين لاپەڕە تۆماركراوەكاني ئەو مێژووە پێك دەهێنن. ڕۆڵي هێزي بزوێنەري مێژوو كە جەماوەري بەرفراوان و مرۆڤە سادەكانە بابەتي لاوەكي و لە بيركراوەي ئەو مێژووەيە. هەروەها پشتگوێخستن و حيساب نەكردن لە سەر زۆرينەي خەڵكي لاي زۆرێك لە مێژوو نووساني پێشوو, دەلاقيەك لە گومان و دوودڵي بە ڕووي ئەو جۆرە لە نووسيني مێژوودا دەكاتەوە. ئەم شێوەي نووسيني مێژووە پێشينەيەكي جيهاني هەيەو بە ميراتي بۆ زۆرێك لەوانەي كە سەريان لە نووسيني مێژووي گۆمەڵگەي كورديش خوراوە ماوەتەوە.

بۆنموونە: کە باس دێتە سەر مێژووی هەرەمە باڵابەرزەکانی میسر بیرمان تەنیا ئاراستەی توانایی و هێزی لە بنەهاتووی پاشاکانی فیرعۆنەکان دەکرێت و باسێك لە گیانبازی و قوربانیەکانی ئەو هەزاران کۆیلەیە ناکرێت کە بە درێژایی دەیان ساڵ لە کارکردن بە نان و پیاز ئەو هەرەمە گەورانەیان کردە دیاریەکی سەرسوڕهێنەر و سیمبولی توانایی و خەلاقیەتی مرۆڤ!،

هەڵبەت, لێرەدا بابەتەکەمان لە سەر مێژوو نیە, کە چۆن نووسراوە یان دبێت چۆن بنووسرێتەوە و یاخود چۆن کەمی هێناوە لە تۆمارکردنی ڕۆڵ و نەخشی مرۆڤە سادەکان.

گەر ئاورێك لە بارودۆخی هونەرمەندانی کورد لە بیست ساڵی کۆتایی سەدەی بیست بدەینەوە, بە ئاشکرا دەبینین کە ئەو هونەرمەندانە سەختترین ونالەبارترین دەورەیان تێپەڕاندووە. ئیستیبدادی

سیاسی, سانسۆر, فەراهەم نەبوونی ئیمکاناتی هونەری و ماڵی بووە هۆی لە ناوچوون و سەرهەڵنەدانی زۆرێك لە توانایی و کاری هونەری بەرز.
لە لایەکی ترەوە, هەندێك هۆکاری کۆمەڵایەتی تر هەمان ڕۆڵی نێگەتیفی لە بەرەو پێش چوونی ڕەوتی هونەر لە کوردستاندا هەبووە. بە سووك و کەم سەیرکردنی هونەرمەندان بە تایبەتی هونەرمەندانی میللي دیاردەیەکی بەرچاو بوو. وشەی (لۆتی) جگە لە تێنەگشتن لە واتاکەی, تاکو ئیستاش دریغی لە بەکارهینانی ناکرێت لە بەرامبەر گۆرانیبێژانی میلیدا. هونەرمەندانی کورد, ئەوانەی کە فرسەتی ئەوەیان دەستکەوت بەرهەمەکانیان تۆماربکەن, هەوڵێکی زۆر و ململانێیەکی درێژ خایانی لەگەڵ بارودۆخی نالەباری ئەوسادا ویست. ئەوهونەرمەندانەی کە ڕێیان کەوتبێتە تەلیڤیزوێنی کەرکوك بۆ تۆمارکردنی بەرهەمەکانیان, کەمیان هەیە سەرگوزشتیەکی لە تەك سانسۆری بێڕەحمانەی کاربەدەستانی ئەو دەسگایەدا نەبوو بێت.
زۆرێك لە هونەرمەندانیش, بەهۆی جێگە و ڕێگەی چینایەتی و دەستکورتی, توانا هونەرییەکانیان فەوتا یان بە شێوەیەکی سادەە و کاڵ وکرچ تۆمارکران. هەروەها هونەرەکەیان بووە هونەری سەرزارەکی و دەماودەمی نێو خەلکی و لاپەڕەکاني مێژووش نا ئامادەیی خۆی بۆ تۆمارکردنی ناو و بەرهەمەکانی ئەو سەربازە ونانە ڕاگەیاند.
گەر هەڵدان بە باڵای کیژی شۆخ و شەنگ و نازدار, سیما و پێناسی بە شێکی زۆری گۆرانی کوردی بێت! ئەوا دەکرێت لە نێو ئەو دەنگانەشدا دەنگێك بدۆزینەوە کە سکی برسی, ڕۆژانی سەختی کار و نابەرابەریەکانی ژیان ئاوێزانی بوو بێت.
هەرچەند بەداخەوە, *جۆن لینۆنی ئەمریکی لە نێو هونەرمەندانی کوردا قاتیە, کە وشیارانە نابەرابەریە کۆمەڵایەتیەکان لە قاڵبێکی ئیستاتیکی بەرزدا بەرجەستە بکاتەوە و خۆی وەك شەماڵ بە تەنیا نەبینێتەوە، بەگژ سەختیەکاندا بێتەوە و هاوچینەکانی لە دەوری یەکتر کۆبکاتەوە و دەرگای هیواو ڕۆژێکی نوێ بە ڕویاندا بکاتەوە.!
بەلاّم وەك ئاشکرایە زۆر هونەر هەبوون کە غەیرە ڕسمي و تۆمارنەکراوبوون, یاخود تەنیا لە چوارچێوەی ناوچەیدا بوون و مەودای بلاّوبوونەوەیان بەرتەسك بووە.
نموونەی ئەم باسەش, هونەرمەندی میللی ئەحمەد شەماڵە واتە ئەحەی خولە سنەیە.کە مێژوو و کۆمەڵگە قەرزاربارێتی, ئەو هونەرمەندە سادەە و هەژارەی کە خۆشەویستی مرۆڤە سادەکانی وەك خۆی بوو.
ئەحمەد شەماڵ, وەك خۆی دەڵێت:
-"کار نەما نەیکەم لە حەماڵی, کریکاری و توونچێتی و هەتا شوانی و سەپانی".
ئەم خەمەی ژیان و گیرفانی بەتاڵ تەوەری بنچینەیی گۆرانیەکانی شەماڵ پێکدەهێنێت. هەر لەبەر ئەمە ئاساییە لای حەماڵەکان و پاسە شرۆلەکانی نێو هێڵەکانی هاتووچۆی نێو شار و هەموو ئەو

ئینسانانەی کە هەمان جێگە و ڕێگەی چینایەتی بە بالآیاندا بڕاوە گوێگری بە دڵ و داوێنی گۆرانیەکانی بن.
شەماڵ، هەمیشە خۆی بە تەنیا و بێ هانا دەبینێت، بەشخوراوی خۆی وەك مرۆڤێکی کرێکار و زەحمەتکێش کە هیچ جێگە و ڕێگەیەکی بۆ بە قایل نابینن، لە دڵێکی گەرمەوە بە سادەیی بەیان دەکات. بە مەش ئاساییە کە ڕەشبینی و ئاخهەڵکێشان باڵی بەسەردا کێشبکات و بە ناچاری بە خۆی و سکالآنامە دوور و درێژەکەیەوە مەستانە بەرەو قاپی یەزدان بکەوێتە ڕێ.
شەماڵ، بە دەنگ و لاواندنەوەکانی دەیویست دەستێك، هانایەك وە چنگ بخات، تا گیانی ماندووی شەماڵی پیرەمێردی بە دووکەڵ قانگدراو لە توونی حەمامی سوورەتی سلێمانی بکێشێتە دەرێ و ژیاتێکی ئینسانی پێ ببەخشێت. بەلآم، ئەمانە، هەموو دەبنە خەونێك و لەگەڵ بێدار بوون هەڵدەوەرێن.
وەك ووتمان: "گوێگرە ڕاستەقینەکانی شەماڵ کەسانی سادەدی لە چەشنی خۆی بوون". ئەو کەسانەش، تەنها گوێگرێکی دەستکورت و دەستنەڕۆشتوو بوون، خەمەکانی دڵی خۆیان بە دەنگی شەماڵ دەژنەوتەوە و بە هەمان چەشنی شەماڵ (ئاخ) لە نێو بەرەکانی دڵیانەوە دەهاتە دەرێ، ئەوانیش وەك شەماڵ نەبوونی و ڕەنجەڕۆیی، پەنای پێبردبوونە بەرگۆشەی مەیخانە و قاپی ئارەقی فەلی خۆماڵی هەرزان بەها، هەر بۆیە گریانی دوای مەستبوون خاڵێکی هاوبەشی هەموو ئارەقخۆرەکانی شار بوو لە بری قاقای پێکەنینی سەرخۆشەکانی نێو بارە ڕازاوە و گرانبەهاکان .
لای مەجلیس و شەوانی پارەدارەکانیش، شەمال تەنیا ڕازێنەرەوەی شەوانی بادەنۆشی بوو، یارمەتی دەری بادەنۆشان بوو لە هەست نەکردن بە مووچڕکەی ناخۆشی دوای هەڵدانی پێکە خەستەکان. لای ئەوان گرنگ نەبوو شەماڵ چی دەڵێت، گریانی شەماڵ ئەوانی دەهێنایە پێکەنین، بە پێچەوانەی شۆفێرە شڕۆلەکانەوە کە لە شەماڵ تێدەگەیشتن و بە گۆرانیەکانی مەست دوبوون و وەك منداڵ دەگریان.
جێگە و ڕێگەی ڕوو لە خواری شەماڵ لە کۆمەڵدا، دەبێتە هۆی جێگە و ڕێگەی ڕوو لە خواریشی لە بزووتەوەی هونەریشدا. لە نێو دەیان تیپی هونەری پڕلە ئامێری مۆسیقیدا، بەشی شەماڵ تەنیا ئامێری سادەدی تەپڵ دەبێت. گرنگی دان بەشەماڵ لای هەندێك هونەرمەندانی دەستڕۆشتوو بە سووکایەتی بە هونەر دەزانرا! کە ئیستا دوای مەرگی شەماڵ دێنەوە و بە بالآیدا هەڵدەدەن و باس لە توانایی هونەری و هەلوێستی نەتەوەیی و نیشتمان پەروەریشی لە گەڵدا بۆ زیاد دەکەن.! کە دیارە ئەوە نانیکە و لە شەماڵی دەخۆن.
ئەحمەد شەماڵ، ئەو زەحمەت کێشە بوو کە خواردنی وەك خۆی دەڵێت:" نان و دووکەڵ" بوو، شوێنی کاری، شوێنی ژیانی، شوێنی نووستنی، شوێنی ڕابواردن و کات بەسەربردنیشی تەنیا حەمامە گشتیەکەی سوورەتی سلیماني بوو.

ئەحمەد شـەماڵ, نـاوی تـەواوی ئەحـمـەد مـەحـمود محەمـەدە. ساڵی 1932 لـە گـەڕەکی چـوارباخی سلێمانی هاتۆتـە دنیـاوە. کۆڵکـە خوێندەواریـەك لـە ڕێگـەی حـوجرەوە فێـر دەبێـت. لـە سـاڵی 1942 دەچـێتە قوتابخانـە و فـێری نووسـین و خوێنـدەوە دەبێـت, پاشـی دوو سـاڵ بـە هـۆی هەژاریـەوە دەستبەرداری ئەو دنیایەش دەبێت.ساڵی 1943 شان بەشانی باوکی دەستدەداتە کارێکاری و دەبێتە نان پەیداکەری ماڵ وخێزان.

لە ساڵی 1950 دا ژنی هێناوە, خاوەنی سێ کوڕ وچوار کچە. ئەحمەد شـەماڵ, لـە منداڵیەوە خولیای گورانی وتن دەبێت, لاسایی زۆرێك لـە گـۆرانی بێژەکانی پێش خـۆی دەکاتەوە و پاشان شێوازی هونەری میللی کۆن وەردەگرێت.

لە ڕێکەوتی 3ی مارسی1997 کۆچیدوایی دەکات و تەرمەکەی لە سلێمانی بە خاك دوسپێردرێت.

بەڵێ, شەماڵ, بە سادەیی ژیا وهەر بە سادەیش ماڵئاوای کرد.کەسێك نـەیتوانی مـۆری کرێکاربوون و بێبەشی لـە نێوچـەوانی کـاڵ کاتـەوە، بەمـەش شـەماڵ مرۆڤێکـی نـامۆی نیـو نیشتمانی خـۆی بـوو بـە نامۆیی هاتە سەر خاکەکەی و بە نامۆیش ماڵئاوایی لێکرد.

تـۆ بلێیـت, ئێستا چـەندین شـەماڵی تـر, چـەندین توانـای هونـەری تـر هەگبـەی خـەمـەکانی شـەماڵیان نەداییت بە کۆڵدا و کوچە و کۆڵانە تەسکەکانی شار تەی نەکەن. تۆ بلێیت, ئەم مێژووە هەروەك ئێستا لە ئاست توانایی و ڕۆڵـی ئینسانە سادەکانی وەك شـەماڵی توونچـی چاوی خـەوالووی نەکاتـەوە, تـۆ بلێی, لە نێو ئەو شەماڵانەدا, شەماڵێك پەیـدا نـەبێت کـە خـەمی ژیـان ڕەشبین و بێهیـوای نـەکات؟! تـۆ بلێت کەسێك لەو نێوەدا, ڕواژانی سەختی کار و چەوساندنەوەی هاوچینەکانی بیکاتـە (جـۆن لینـۆن) یکـی تر و گۆرانی بۆ یەکسانی و دنیایەکی باشتر بچرێت.!

---

ئەم بابەتە پێشکەشە بە گیانی برای جوانەمەرگم کامەران(جوانڕۆ) کە بۆ یەکەمین جار دەنگی شەماڵی پێناساندم.

*جۆن لینۆن:گۆرانی بێژی شۆرشگێری ڕاپی ئەمریکیە, گۆرانیەکانی جەماوەرێکی زۆری لە نێو خەڵکانی زەحمەتکێش و بێلانەکان دا هەبوو, بە هۆی ئەم لایەنگیریەشی لە یەکسانی و مافەکانی کرێکاران و مرۆڤە زەحمەتکێشەکان تیرۆرکرا.

سوپاس و پێزانین بۆ هاورێی شاعیر حەمەشوان شەریف لە پێشکەش کردنی زانیاریەکانی, سەبارەت بە ئەحمەد شەماڵ.

sardar@telia.com